# پارتی و یەكێتی لە جیاتی بەڵێنی گەورە باشترە داوای لێبوردن بكەن

ئەحمەد ئەنوەر

ahmedenwer@yahoo.com

پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتی نیشتمانی كوردستان كە دوو هێزە سەرەكییەكی هاوپەیمانی كوردستانن و پێكەوەش 14 ساڵە حوكمی هەرێمی كوردستان دەكەن، بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێراق كۆمەڵێك بەڵێنی نوێ بە خەڵكی كوردستان و ئێراق دەدەن. بێگومان كارنامەكەی ئەوان ئەگەر بەگشتی هەڵیسەنگێنن دەكرێ ئاماژە بە سێ خاڵی سەرەكی بكەین؛ یەكەم: چەسپاندنی مافە نەتەوەییەكانی خەڵكی كوردستان. دووەم: پەرەپێدانی سیستەمێكی دیموكراسی و پەرلەمانی لەئێراق. سێیەم: باشكردنی گوزەرانی خەڵك. ئەمە لە كاتێكدا ئەو دوو حزبە 14 ساڵە دەسەڵاتداری هەرێمی كوردستانن و بۆ هێنانەدی ئەم سێ ئامانجە كارێكی جددییان نەكردووە. ئەوان بۆ ئێراق داوای سیستەمێكی دیموكراتی، فیدراڵی، پەرلەمانی و تەعەدودی دەكەن، كەچی لە هەرێمەكەی خۆیان پەرلەمان دیكۆرێكی جوانە بۆ رازاندنەوەی دەسەڵاتی حزبی. دیموكراسیەتیش بە شەرتی ئەوەیە هیچ كەس و لایەنێك رەخنە لە سیاسەتی حزبی قائید، گەندەڵی ئیداری نەگرێ! تەعەددودییەش بەلای ئەوان چەند حزبێك هەبن و چەپڵە بۆ هەردوو حزب لێبدەن! ئازادی راگەیاندنیش ئەوەیە هەرباسی سەروەرییەكانی حزب، عەبقەریەتی سەرۆك بكرێت!

لە 14 ساڵی رابردوو كێ رێگری لە پارتی و یەكێتی كردووە كە ئەو سیستەمە دیموكراتی و پەرلەمانیەی مەبەستیانە بیچەسپێنن، سازی بكەن؟ ئەگەر بڵێن شەڕی ناوخۆ و دەستوەردانی هەرێمی بووە رێگر لەوەی حكومەتێكی یەكگرتوومان هەبێ و دوو ئیدارەیی ببێتە ئەمری واقیع! گریمان ئەوەش وایە، بەڵام هەریەكە لە سنووری خۆی دەیتوانی ـ ئەگەر مەبەستی بوایە ـ سنوورێك بۆ حوكمی حزب دابنێ و دەسەڵاتی قانوون بەرقەرار بكات، دامودەزگا ساز بكات. بەڕاستی تەعەدودی سیاسی هەبووا، خزمەتگوزاری پێشكەشی هاووڵاتیان كرابا. گەشە بە ژێرخانی ئابووری درابا، ئاوڕێك لە كەسوكاری ئەنفال و لێقەوماوان بدرایەوە، كۆنە بەعسی و جاش و موستەشارەكان ترۆ كرابان. هەموو ئەمانە شایەنی كردن بوون ئەگەر بڕیارێكی سیاسی هەبوا، بەڵام بۆ نەكرا؟ كێ لە نەكردنی بەرپرسیارە؟ بە پێچەوانەوە لەجیاتی ئەوەی ئەو دوو حزبە لە شتی باشدا پێشبڕكێی یەكتر بكەن، هاتوون لە كۆمەڵێك كار و كردەوەی نێگەتیڤیدا ململانێی یەكتریان كردووە. هەردوولایان دەسەڵاتیان لا مەبەست و ئامانجە، نەك بونیادنانی ئیدارەیەكی دیموكراتی و رێزگرتن لەماف و ئازادییەكانی خەڵك. هەردوو لایان حزبیان لە نەتەوە بەلاوە گرنگترە و ئەمنی حزبیان لە سەرووی ئەمنی قەومی داناوە. حزب هێزی سەربازی و ئیستخباراتی، راگەیاندن، دارایی و نوێنەرایەتی دیپلۆماسی هەیە، كەچی حكومەت خێری پێ دەچێت! لەهەردوو هەرێم، مەكتەبی سیاسی سەرپەرشتی كارەكانی حكومەت دەكات! لە هەردوولا تەعینكردنی هاووڵاتیان بە تەزكیەی حزبی دەبێت. هەردوو لایان لە رووی داراییەوە هیچ ئامارێك بە خەڵك نادەن و كەس نازانێ چەندەیان پارە هەیە؟ چۆن و بۆ كوێ خەرج دەكرێت؟

لە هەولێر و سلێمانی كاربەدەستانی حزب هەردێ زیاتر دەوڵەمەند دەبن و خەڵكیش هەژارتر دەبێ! لەمبەر و لەوبەر زەوییە باشەكان كە موڵكی گشتییە بەسەر ئەندامانی سەركردایەتی و سەرلەشكرەكان و ئەندام مەڵبەند و لقەكان تاپۆ دەكرێت، خەڵكی نۆرماڵیش خانووی كرێی دەست ناكەوێ. بۆ خۆیان گوندی گەشتیاری، هۆتێل و باڵەخانەی چەند نهۆمی، كۆمپانیا گەوەر گەورە ساز دەكەن. كەچی خزمەتگوازرییە گشتییەكانی وەكو ئاو، كارەبا، رێگاوبان ئاوڕیشی لێ ناداتەوە. ئاو و كارەبا بۆ رەحمەتی خوا بەجێ هێڵدراوە و، رێگا و بانیش بۆ حكومەتی فیدراڵ، خوا بكا لە بەغدا حكومەتێكی مەركەزی بەهێز بێتە كایەوە تا خەمێك لە جادەكانی هەولێر و سلێمانی بخوات!

باوەڕ ناکەم لە هەموو دنیا حکومەت و ئیدارە هەبێ وەکو ئەو دوو ئیدارەی هەرێم ئیش بکات. 14 ساڵی ئەزموونی حوکمی یەکێتی و پارتی چ ئەو کاتانەی پێکەوە بوون، چ ئەوکاتانەی هەر یەکە و میرنشینێکی حزبی ساز کردووە، ئەزموونێکی سەقەت و لێوان لێو لە گەندەڵییە، ئەزموونێکە خێرێکی ئەوتۆی بۆ بە مەدەنیکردنی خەڵکی کوردستان نەبووە، هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکییە لەوەی کۆمەڵانی خەڵك، بە تایبەتی لاوان و خوێندکاران و چین و توێژە گەلەرییەکان تووشی نائومێدی و رەشبینی ببن و هیچ هیوایەکیان بە سیاسەت و دەسەڵاتی کوردی نەمێنێ. ئەو واقیعە تاڵە ڕێخۆشکەر بووە تاوەکو کۆمەڵێك هێز و رەوتی کۆنەپارێز سەرهەڵبدەن و فەشەلی حوکمی هەردوو حزب وەکو فەشەلێ حوکمی قەومی کوردی شرۆڤە بکەن و کار بۆ چەسپاندنی بیر و ئەجێدای خۆیان بکەن.

ئەوڕۆکە لە کاتێکدا ئێراق سەرلەنوێ بونیاد دەنرێتەوە. عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە بە گەرمی کار دەکەن بۆ ئەوەی مۆری خۆیان لە ئێراقی نوێ بدەن، لە کاتێکی وەهادا کە پێویست بوو گەلی باشووری کوردستان بە پشت بەستن بە ستراتیژ و کارنامەیەکی نەتەوەیی و دیموکراتیانە لەسەر پێ بێت و پێداگری لەسەر داخوازییە رەواکانی بکات و، لە وڵاتەکەی خۆیدا سیستەمێکی دیموکراتی و ژیانێکی ئازاد و خۆشگوزەران بونیادبنێت، دەبینین خەڵك لە خەباتی نەتەوەییدا سارد بۆتەوە و رەشبینی و بێ ئومێدی باڵی بەسەر وڵاتەکەماندا کێشاوە! بەر پرسیاری یەکەم لەو واقیعەی لە کوردستاندا ئامادەیە بە پلەی یەکەم هەردوو هێزی دەسەڵاتدار (یەکێتی و پارتی)ین، بۆیە ئەوان لە جیاتی بەڵێنی گەورە بدەن، پێویستە دان بە سیاسەتە چەوتەکانیان دابنێن و داوای لێبوردن لە خەڵکی کوردستان بکەن. چونکە لە ئاست قوربانییەکانی ئەو خەڵکەدا نەبوون. هەروەها دەست لە ئەقڵیەتی پاوانکردنی دەسەڵات و کۆمەڵگا هەڵگرن، بە گەڕانەوە بۆ حیکایەتی شاخ و پێشمەرگایەتی رێگەی رەخنە و گۆڕانکاری دانەخەن. دەبێ خۆیان لەو راستییە نەدزنەوە ئەگەر بەشێکی مێژووکەیان خەبات و تێکۆشان بێ بۆ مافەکانی گەلی کوردستان، ئەوا بەشێکی دیکەی مێژووەکەشیان بە تایبەتی لە 14 ساڵی رابردوو ـ بیانەوێ و نەیانەوێ ـ هەرِشە بووە لەسەر ئەو دەسکەوتانەی بەدی هاتوون!

خەڵك و وڵاتی ئێمە پێویستیان بە بەڵێن و قسەی گەورە نییە، بەڵکو پێویستیان بە دڵسۆزی و کاری مەزن هەیە، با پیرانمان لە مێژە گوتویانە قسە هەزارە و دووی بکارە!